حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٢١٤) لە ٢٠٢٣/٤/٢٦

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و سەبارەت بە پرۆسەی وەرگرتنی گەنمی ئەمساڵی جووتیاران لەلایەن کۆمپانیای گشتی بۆ بازرگانیی دانەوێڵەی سەر بە وەزارەتی بازرگانی عێراق، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٨) لە ٢٠٢٣/٤/٢٦، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پێکهێنانی لیژنەیەک بە سەرۆکایەتیی بەڕێز وەزیری بازرگانی و پیشەسازی و بە ئەندامێتیی (سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو) بە مەبەستی:

أ) ئامادەکردنی زانیاری لەبارەی قەبارەی بەرهەمی گەنم لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، توانای کۆگاکردنی گەنم، بەهای دارایی کڕینەوەی گەنم، دەستنیشانکردنی ئەو بەربەستانەی هەن سەبارەت بە سێ سایلۆکەی هەرێم و پێشنیاری چارەسەرکردنی.

ب) هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بە مەبەستی کڕینەوەی گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٣.

٢. فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەکات و دواتر ڕاپۆرتی لیژنەکە دەخرێتە بەردەم کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران بۆ گفتوگۆ و بڕیاری پێویست.

٣. وەزارەت و فەرمانگە و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران